**مولکی خۆم فرۆشت به قازانجی زۆرم دا**

**پەپوولە و نارنج بە ماچی لێوانم دا**

**یارم وەك مانگی چاردە شوعلەی ئەدا**

**ساقی دەسوڕا بادە بەدەست حەی ئەدا**

**وەك مەجنون بۆ لەیلا شێت و شەیدای ئەدا**

**بەهارە وەقتی بلبل و گوڵاڵە لە سمێڵ ئەدا**

**عاشقی وەك شیرن و پێش جولان ئەدا**

**بولبول موغەنی پەروانە روح لە چرا ئەدا**

**عاشق ترسی لە مردن نەما مەجبورە دەورە ئەدا**

**وەك پەروانە روحی خۆی لە چرا ئەدا**

**خۆم فدای یار ئەکەم دوشمن غەمناك ئەکەم**

**ئەمین ترسی لە دڵدا نەما دەست لە خینی دوشمن ئەدا**